**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

چاپی یەکەم ٢٠٠١

**لە بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

ناوی کتێب: **ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**پرۆتۆکۆڵەکان ٢٠٠٠. بەرگی بیست و چوارەم**

چاپی یەکەم: ٢٠٠١

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان : ٢٠٧

# پێڕست:


پرۆتۆكـــــۆلی دانیـــــشـــــتنی دەســـــتـــــپـــــێـــك ــــــــــــ ل٥

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره یـەک ــــــــــــ ل٢١

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره دوو ــــــــــــ ل٧١

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره سێ ــــــــــــ ل٧٥

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره چوار ــــــــــــ ل١٠١

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره پێنج ــــــــــــ ل١٠٧

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره شـــەش ــــــــــــ ل١٥٩

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره حـــەوت ــــــــــــ ل١٧٩

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره هـەشت ــــــــــــ ل١٩٥

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره نـۆ ــــــــــــ ل٢١٩

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره ده ــــــــــــ ل٢٧٥

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره یـازده ــــــــــــ ل٣٠١

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره دوازده ــــــــــــ ل٣٨١

پرۆتۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره ســـێـــزده ــــــــــــ ل٤٠١

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره چوارده ــــــــــــ ل٤٢٧

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره پـازده ــــــــــــ ل٤٤٩

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره شـــازده ــــــــــــ ل٤٩١

پـرۆتـۆكـــــۆڵـی دانیـــــشـــــتنی ژمـــــاره حـــەڤـــده ــــــــــــ ل٥٢١

تعدل الفقرة (١) من المادة (٢٥) وتقرأ كالاتي

١- تدار شؤون الفرع من قبل لجنة تتالف من ٥ اعضاء من ضمنهم النقيب و اربعة اعضاء مارسوا المهنة مدة لاتقل عن ٥ سنوات ينتخبون بانتخاب سري من قبل اعضاء الفرع

المادة الخامسة: تعدل الفقرة (٤) من المادة (٢٦) وتقرأ كالاتي

ريع الحفلات والنوادي و اضافة ٠,٠٠٢ من مبيعات الادوية التي تباع للصيدليات الاهلية من قبل مدير الاستيراد و توزيع الادوية العائدة لوزارة الصحة والشؤون الاجتماعية لصندوق نقابة الصيادلة

المادة السادسة: ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره ونشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی كارگوزاری و لیژنەی یاسایی دەكەین ، خالی سێیەمی بەرنامەی كارمان، خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژی یاسای دروستكردنی پەیمانگەی پێش نوێژو وتاربێژانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف وكاروباری ئیسلامیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

مسودة مشروع قانون معهد الائمه والخطباء التابعة لوزارة الاوقاف و الشؤون الاسلامية لاقليم كوردستان العراق رقم ( ) لسنة ١٩٩٨

المادة الاولى: يمنح خريج معهد اللائمه والخطباء التابعة لوزارة الاوقاف و الشؤون الاسلامية لاقليم كوردستان العراق شهادة دبلوم في العلوم الاسلامية و يعين بوظيفة الإيمام وخطيب و مدرس في المدارس الاسلامية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية ويحدد راتبه وفق قانون الخدمة النافذ.

المادة الثانية :يحدد بنظام كيفية انشاء المعهد و سير الدراسة فيه

المادةالثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره ويسري احكامه على المعاهد القائمة حاليا في الاقاليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەو پرۆژەش ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەكان (یاسا و ئاوقاف و پەروەردەی)دەكەین ،خاڵی چوارەمی بەرنامەی كارمان خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی(یاسای پلەبەندی یە بۆ دەرچووانی كۆلیژی زانستی بەشی كیمیاو بایلۆجی).

**بەڕێز كاكە رەش نەقشبەندی:**

نص مشروع القانون

استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على

سەر بە وەزارەتی ئەوقاف.

٤ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای ترازاندنی پەیوەندی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی(الدفاع المدني)لە وەزارەتی ناوخۆو، پەیوەست کردنی بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار.

٥ـ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ئابووریناسانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

و بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری ئەوقاف دەکەین ئێستا دەست بەخاڵی یەکەم دەکەین بەپێی بڕیاری ژمارە چواردەی ٢٤/٩/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەڕێز د.ادریس هادی صالح بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی وەرگیرا لەجیاتی خوالێخۆشبوو ئەندامی ئەنجومەن کانەبی عزیز دزەیی ولەکاتی دەرچوونی بڕیارەکە بەڕێز کاک د.ادریس هادی ئامادە نەبوو لێرە وئیمرۆ ئامادەیە بۆ سوێند خواردنی یاسایی تکایە با بفەرموێ.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

من دکتۆر ادریس هادی صالح، سوێند بە یەزدانی مەزن، پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق وبەرژەوەندییە بالاکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ڕێگام پێ بدەن بەناوی ئێوەو بەناوی سەرکردایەتی وسەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی بەڕێز د.ادریس هادی صالح بکەم تەمەنای سەرکەوتنی بۆ بکەم وەک هەمیشە لە کاروبارەکانی دا چ لەپێشدا لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان وچ لەدواییدا لە کابینەی یەکەم ودووەم وسێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە هیوادارم جێگایەکی گرنگمان بۆ پڕ بکاتەوە وجارێکی تر تەمەنای سەرکەوتنی بۆ دەکەم. خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەڕووی بابەتی زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان (جلال سلیم خۆشناو) بۆ سەر لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپێدان وئاوەدانکاری. دەیخەینە دەنگدانەوە ئەو بەڕێزانەی پەسەندی کاک جلال سلیم خۆشناو دەکەن ببێتە ئەندامی ئەو لیژنەیە تکایە دەستتان بەرزبکەنەوە.. سوپاس... کێ پەسەندی ناکات... بەگشتی دەنگ بڕیاری پێ وەرگیرا...، خاڵی سێ یەم خستنەڕوو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای پەیمانگەی ئیمام و وتارخوێنە ئایینیەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف. تکا لە بەڕێزان ئەندامێکی لیژنەی یاسایی دەکەم کە بێنە سەر سەکۆ و یەکێکیش لەئەندامی لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەکە دەخوێنمەوە...

**مشروع قانون معهد الائمة والخطباء لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية**

**لاقليم كوردستان رقم (  ) لسنة ١٩٩٨**

**المادة الاولى:**

يمنح خريج معهد الائمة والخطباء التابع لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية لاقليم كوردستان - العراق شهادة دبلوم في العلوم الاسلامية ويعين بوظيفة امام وخطيب او مدرس في المدارس الاسلامية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية ويحدد راتبه وفق قانون الخدمة النافذ.

**المادة الثانية:**

يحدد بنظام كيفية انشاء المعهد وسير الدراسة فيه.

**المادة الثالثة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

**المادة الرابعة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ صدوره ويسرى احكامه على المعاهد القائمة حالياً في الاقليم.

**الاسباب الموجبة**

من اجل اعداد الائمة وخطباء مؤهلين ومدرسين اكفاء في اقليم كوردستان العراق لذا فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تکایە..

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەش رای لیژنەی یاسایە، بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

بابەت/ رای لیژنە

ئاماژە بەنوسراوتان ک/ ٣٥ لە ١٠/ ١٠/ ٢٠٠٠ لیژنەکەمان پاش لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای پەیمانگەو ئەئیمە و وتارخوێنی ئایینی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بەتێکڕای دەنگ پەسەندی پرۆژەکەی کرد پاش لابردنی ماددە دوو لە پرۆژەکە لەگەڵ ڕێزماندا...

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئەوقاف تکایە راتان چییە؟..

**بەڕێز مەلا محسن مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی ئەوقاف بەم شێوەیە:

لیژنەکەمان کۆبوونەوەی ژمارە (٨)ی خۆی سازدا دەربارەی پرۆژەی یاسای پەیمانگەی پێش نوێژو وتارخوێنانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی دوای توێژینەوەی تەواو لەسەر

ئێکرای ماددەکان لیژنەکەمان بەگشتی پشتگیری لە تەواوی پرۆژەکە دەکات وتەنها پێشنیارمان ئەوەیە لەسەرەوە کە نوسراوە مشروع قانون معاهد الائمه والخطباء ووشەی (اعداد) زیاد بکرێت بەم شێوەیە( معهد اعداد الائمه والخطباء) ئەمەش لەماددە یەکدا رەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا راتان چییە؟

**بەڕێز د.ناسح غـفـور رەمـەزان:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمەش بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە کە بەڕێزان لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی پێشانیان دا ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە ووشەی پێگەیاندن زیاد بکرێت واتە ببێتە (پەیمانگەی پێگەیاندنی پێش نوێژو وتاربێژان) دروستر دەبێت وهەروەها تێبینی یەکی ترمان هەیە کە باسی ئەوە دەکات ئەمانە دامەزرێن بە ئیمام وخەتیب ومدرس تێبینییەکی تایبەتیمان بەرامبەری چونکە لەم پەیمانگەیە دووساڵی خوێندنە نەک چوار ساڵ یانی مقابل بە کۆلیژی زانکۆ نییە بەڵکو مقابلە بە معهدی معلمینی مەرکەزی یان معهد اعداد المعلمین یان هەر معهدێکی عالی کە شهادەی بکالوریوس نادات بۆیە ئەمانە دەبن بەهەڵگری بڕوانامەی دبلوم نەک بڕوانامەی بکالوریوس بۆیە باشتر وایە لەجیاتی مدرس وشەی معلم بەکاربێت جگە لە عەرەبییەکەی کە هاتووە ببێتە (ویعین بوظیفه امام وخطیب او معلم فی المدارس الاسلامیه التابعه) وهەروەها لە اسبابی موجەبەشدا (من اجل اعداد الائمه وخطباء مؤهلین والمعلمین اکفاء فی اقلیم کوردستان) یانی ووشەی (مدرسین) بگۆڕێت بە (معلمین)،سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز وەزیری ئەوقاف فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد نەقشبەندی/وەزیری ئەوقاف:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو تێبینیانەی کە لیژنەی یاسا دای، من لەگەڵ هەموویانم بەڵام یەک پرسیارم هەیە بۆ لیژنەی یاسا، مەوزوعی ماددە دوو ئەگەر لابدەین چونکە ئێستا نیزام داخلیەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانە وتەبعەن دەبێ ئەساسێک هەبێت استنادی لەسەر بکەین وبتوانین ئەو نیزامە دابنێین حەز دەکەم برادەرانی لیژنەی یاسا ئەگەر ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە، ئەوەی لیژنەی ئەوقاف ئاماژەی پێکرد هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، جێی خۆیەتی بەم شێوەیە بێت وئەوەی کاک دکتۆر اشارەتی پێدا بەراستی تصور دەکەم ئەوە وەزعی ئەوقاف و مەکتەبەکانی ئەوقاف ومعهدەکانی ئەوقاف قیاس ناکرێت وتایبەتمەندیەکی خۆی هەیە ئەگەر بێتو شتێکی وا باس بکرێت دەبێ لەقانونی خدمەی جامعی کە شتێکی عامە وکە شتێکی عامیش بوو عادەتەن کە عام وخاص تعارضی کرد یسار الی الخاص ئەوە شتێکی عامە، بەڵام ملاحظەیەکی اساسیم هەیە بە نیسبەت ئەوەی کە ماددە

یەک اضافە بکرێت چونکە ئێمە لەو معهدە تقریبا خریجی ساڵی (٩٨ ـ ٩٩) ئێستا تخرجیان کردووە و هەروەها (٩٩ ـ ٢٠٠٠) تخرجیان کردووە نەصێک هەبێ بۆ ئەوەی ئەو قانونە ئەثرێکی رجعی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین معالجەی ئەوانیش بکەین و من پێشنیار دەکەم ماددە یەک اضافە بکرێت (تشمل احکام هذا القانون خریجی معهد الامامه والخطابه لسنوات ٩٧ ـ ٩٨ و ٩٨ ـ ٩٩ و ٩٩ ـ ٢٠٠٠) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا گوێمان لە تێبینیەکان بوو لەبەر ئەوە ماددە بە ماددە پیادەچینەوە بۆ ئەوەی بەڕێکی کارەکە بکەین بەڵام من تێبینیەکی بچوکم هەیە مەسەلەی مدرس دەبێ شهادەی بکالوریوسی هەبێت ئەمە قانونە بەعام لەبەر ئەوە دەبێت چارەیەکی ئەو مەوزوعەش بکەین کە هاتینە سەر ئەو ماددەیە بەدرێژتر باسی دەکەین و مناقەشەی دەکەین وتێبینی لەسەر دەکەین وبۆیە جارێ پێشەکی ناوەکە پێشنیار هەیە کە بکرێت بە (معهد اعداد الائمه والخطباء لوزاره الاوقاف والشؤون الاسلامیه) هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مەوزوعە؟.. ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە.. بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئێمە اعتراضمان لەسەر ئەوە هەیە کە ئێستا معهدەکە دروست ناکەین چۆن ناوی دەگۆڕین، ئێستا خریجی دەوراتی پێشوو کە دەڵێن خەریجەکانی معهدی ائمە وخطبائی ئەوەی کە هەیە شهادەکانیان دبلۆم عالی بێت ئێستا ئێمە تەئسیسمان نەکردووە تاکو ناوی بگۆڕین ئەوە بەنیزام کە تەئسیسی دەکەن دەتوانن ئەو کاتی ناوی لێ بنێن معهد اعداد چونکە دەڵێن بەنیزام دروست دەبێت ئێستا ئەوە عملیەن مەوجودە کە مەوجودە شهادەکانیان معادل بێ کە دروستیان دەکەن بە شێوەیەکی تر دروستی بکەن بەڵام چۆن ئێستا ناوێکی لێ بنێین، بەخۆی ئێستا ناوی (معهد الائمه والخطباء)ە بڵێن خەریجی ئەوانە شهادەکە وەربگرن شهادەکانیان معادلی دبلومە کە خۆشیان دروستیان کرد بە پێی نیزام چ ناوێکی لێ بنێن دەتوانن هەمان ناوی لێ بنێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تصور ناکەم هیچ رێگایەک گیرا بێت لەوەی کە ناوەکەی اضافەی بخرێتە سەر بەتایبەتی جەنابی وەزیریش موافقەو لیژنەکان هەموویان بەپەسەندی دەزانن بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە.. ئەو بەڕێزانەی ئەوە پەسەندی دەکەن کە ووشەی اعداد بچێتە پێش معهد تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کەپەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا ..ماددەی یەکەم بخوێنەوە..

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الاولى:
يمنح خريج معهد الائمة والخطباء التابع لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية لاقليم كوردستان - العراق شهادة دبلوم في العلوم الاسلامية ويعين بوظيفة امام وخطيب او مدرس في المدارس الاسلامية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية ويحدد راتبه وفق قانون الخدمة النافذ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینیتان نییە؟.. لیژنەی ئەوقاف.. نییە؟، لیژنەی خوێندنی باڵا..؟

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنیا تێبینی ئێمە ئەوە بوو كە (مدرس) بگۆڕێت بە (معلم) پێشووتریش باسمان كرد كە اسبابی موجەبەی بۆچی ئەبێت معلم بێت نەک (مدرس) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە تێبینیان هەیە ناونوس بكرێن، كاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەروەكی لیژنا پەروەردەیی رایا من ئەوە كە (معلم) بێت نە(مدرس) چونكە (مدرس) دەبێت خەریجی جامعە بێت چار ساڵە پشتی كە بكالوریا وەرگرتبێ وشهادە بەكالوریوس هەڵگرتبێت وهیچ اعتراض ناكاتن لەگەڵ مدارسێ اسلامێ چونكە ئەم دشێن بێژین معلم تنسیب بكەین بۆ مدارسێ اسلامێ شتێكی رەوایە واعتیادیا زۆر جار ماموستایت وەرزشێ یان هونەرێ دێنە تەنسیب كرن بۆ گەلێک سانویە ومتوسطەو اعدادیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاک مەلاهادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لایەنی یاساییەوە دروستبوونی هەر مؤسەسەیەک بەقانون دروست دەبێت جا ئەو معهدە دروست بووە پێشتر بەڵام ئەگەر یاخود دەبێ بڵێی لێرە اشارەتی پێ بدەی وتؤسس بموجب قانون یاخود دەبێ اشارەت بەو قانونە بدەی كە پێ دروست بووە ئەو معهدە یانی تۆ هاتووی یەكسەر باسی شهادات دەكەیت باسی ئەوەمان نەكردووە دروست بوونی معهدەكە كاتی خۆی بە چ قانونێک دروست بووە اشارەت بەو ژمارەی ئەو قانونە بدرێت ویاخود دەبێ باسی ئەوە بكرێت (تؤسس) چونكە تائێستا حسابیان بۆ نەكراوە ئەو ماددە، ئایا حسابی ئەوە دەكرێت وەكو لەكۆن كراوە بە بریارێک یاخود ئێستا دروست دەبێت، ناحیەی قانونی حەز دەكەم ئەوەمان بۆ روون بكەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابت مناقەشەی ماددەی یەکەم دەکەی یان هەمووی؟.

**بەڕێز مەلاهادی خضر:**

لەماددەی یەکەم دەبێ ئەوە هەبێت، پێش (تمنح).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم واضحەو عامە ئەڵێ هەر دەرچوویێکی معهدی ائمە وخطبا ئەو وەزیفەیەی پێ دەدرێت.

**بەڕێز مەلاهادی خضر:**

بەڵام ئەو معهدە بەچ دروست بووە، رەسمیاتی هەیە.. چۆن دروست بووە دەبێ ناحیەکی قانونی وەرگرتبیە کە دروست بووە ئەو معهدە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر ئامـاژەی بۆ کرد دوو وەجبە لەو پەیمانگەیە تخرجیان کردووە بەڵام تحدیدی شهادەکانیان نەکراوە وئێستا داوای تحدیدی شهادەکان دەکرێت کە معهدەکە قائمە و دوو وەجبەشی لێ تخرج کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دانیشە جارێ ، دروست کردنی معهد قانونی پێ ناوێ وەزارەت دەتوانێ دروستی بکات، بەڵام شێوەی معهد وشهادەی قانونی دەوێ ئەوەی کە من لێی تێگەیشتووم.

**بەڕێز مەلاهادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت دروست بوونی مؤسسەیەک بەقانون دروست دەبێت ئەوە مؤسسەیە دەبێ بە قانون دروست ببێت، صلاحیەت دراوەتە وەزارەت کە قانونێک شتێکی هەبێت کە ئەوەی دروست کردبێت ئەوە لەپێشدا هەبوو بەڵام بەرەسمیات دروست نەبوو کە پێی دەڵێین خۆرسک، سوپاس.

**بەڕێز مەلا محسن مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف لە پەرلەمان تصدیق کراوە صلاحیەت دراوە هەتا بە وەزارەتی ئەوقاف کە نەک معهد بەڵکو کلیەش بکاتەوە، ئەوە جەنابی وەزیری ئەوقاف دەزانێ، بەنیسبەت وشەی مدرسەوە ئێمە هیچ مانعمان نییە لەسەر ئەو پیرۆزی ووشەی (معلم) چونکە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ(انما بعثتم معلما ویعلمه الکتاب والحکمة) کە قورئان باسی دەکات، بەڵام چونکە مدارسی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بەشێوەیەکی عام لەسەرەتای دامەزراندنییەوە چەندەها ساڵە هەر بەمدارس الاسلامیە ناوی براوە وبەو شێوەش ناو لە مدرسەکانی نراوە لەبەر ئەوە ئێمە هەر لەگەڵ رای لیژنەی یاساین هەر وامان بەلاوە پەسەندە کە وشەی مدرس وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مدرس) بێت یان(معلم) لە مەسەلەکە ناگۆڕێت (ویعلمە الکتاب) پێغەمبەر (معلم)ە نەک مدرس لەقورئان نەنوسراوە (ویدرسهم القورئان) جا ئەگەر (معلم) بێت یان(مدرس) مەوزوعەکە ناگۆڕێت، تەنها لەسەر مەسەلەی (یمنح خریج معهد اعداد الائمە والخطباء التابعە) ئەگەر ناحیەی صیاغە ببێتە (التابع) لەبەر ئەوەی ئەو دوانە فەرقی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو تێبینیە لغویانەت هەمووی لە جێی خۆیەتی تائێستا، بەڕێز وەزیری ئەوقاف فەرموو.

**بەڕێز عدنان محمد حسام الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا تێبینییەکم هەیە بۆ ئەوەی مەسەلەکە روون بکەینەوە بۆ پەروەردەی بالاّ بەقەناعەتی من ئەو وشەی (مدرس) تەبعەن کاک شێخ محسن اشارەتی باش پێدا لەوانەیە تۆزێک مابوو کە تەکملەی پێ بکات لەفزەیەکی مهنی نییە یانی وەکو تصنیفی ئەوە معلمە وئەو مدرسە ومدرس مساعد یانی لەفزەکە ناوەکە ناوێکی مهنی نییە ناوێکە جرت علیە العادە چۆن کاک شێخ محسن اشارەتی پێدا کە دەڵێ مدارس الاسلامی، بۆ نموونە مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس کە زانایەکی ناسراوە بەناوی مدرس چونکە تدریسی کردووە یانی مەوزوعەکە حەز دەکەم بۆ برادەران واضح بێت مەوزوعەکە شتێکی مهنی نییە وەکو تسمیة بڵێی مدرس و معلم و استاذ مساعد یان استاذ متمرس ئەوەش تسمیەکە لەناو مدارسی اسلامی هاتووە کە ئەصلیە چۆن ترجمەکەی بەکوردی بڵێ مامۆستا محمود مامۆستا احمد مامۆستا عبداللە تەبعەن شتەکە مهنی نییە لەفزەیەکە واردە و ساریە بەو شکلە بە قەناعەتی من مەوزوعی معلم ئەگەر دابنێین شتێکی نەشاز دەردەچێت لەگەڵ مەوزوعی مدارسی دینی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەردەوام دەبین لەسەر مناقەشە کردنی ئەم مەوزوعە ئەو برادەرانەی دەیانەوێ قسە بکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە جارێکی تر ناونوس دەکرێن، کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەز مصرم لەسەر پێشنیارا خۆ کە ببێتە معلم نەک مدرس ولو جرت العادە بەلاّم هەمی دەبێژن مامۆستایێ سانوی متوسطێ یێ جامعێ مدرسییێت ابتدائی دبێژن معلم، المدارس الابتدائیە ئەگەر بێتن المدارس الاسلامیە مامە گەلێک ئەوانیش دەنوسین المدارس الابتدائیە ئەڤ خۆ دەبێژن ویعلمە الکتاب والحکمة مادام فەرق نەبێت لای وان وابزانم وەکی عادەت لسەر بچین وببێتە معلم نە مدرس، سوپاس.

**بەڕێز د.ناسح غفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واضحە بەنیسبەت ئەو بەڕێزانەی کە وانە دەڵێنەوە لە قوتابخانەکان ولە کۆلێژ و لە پەیمانگەکان هەر یەکە ناوێکی پیرۆزی هەیە، ئەوانەی کە لەقوتابخانەکان وانە دەڵێنەوە بەتایبەتی قوتابخانە سەرەتاییەکان ناوی ئەوان بە مامۆستا دێت بە کوردی بەڵام کە ترجەمە دەکرێت لە عەرەبیەکەدا دەبێتە (المعلم) چونکە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن ئینجا ئەو دبلۆمە چ لەمعهدی اعداد معلمین وەردەگیرێت یان لە اعداد معلمات وەردەگیرێت یان لە معهد معلمینی مەرکەزی تاکو ئێستا بەنیسبەت ئێمە ئاوایە، بەنیسبەت ئەوانەی کە مدرسن خەریجی کۆلێژەکانن چوار ساڵ ئەخوێنن یان پێنج ساڵ دەخوێنن لە هەندێک شوێن پێنج ساڵە لە هەندێک شوێن چوار ساڵە تەنانەت لەناو مامۆستایانی زانکۆشدا ئەوە بە تەرتیب هاتووە ئەوەی کە یەکەم جار کە هەتاکو ئەگەر شهادەی ماجستێری هەیە دانانرێ بە مامۆستا پێی دەڵێن مدرس مساعد یانی لەوێ ناوێکی تایبەتی هەیە لە جامعە مدرس مساعدە کە دکتۆرای هێنا یان دوای ترقیەی کرد دەبێت بە مدرس ئەگەر دکتۆراشی هەبێت دیسان پێی دەڵێن مدرس دوای دەڵێن استاذ مساعد ودوای دەبێتە استاذ وابزانم لێرەدا پڕ بە پێستی خۆیەتی ناوی مامۆستا ناوێکی پیرۆزە نەمان بیستووە بڵێن المدرس الکبیر دەڵێن (المعلم الکبیر) ناوی مامۆستا شتێکی زۆر پیرۆزە باوەڕ بکەم ئەوە لە پایەی ئەوان کەم ناکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پێیت لگەل هندێ هەمی ڕێز لمامۆستایێن ئاینی بێتە گرتن و ئیمتیازاتا بدەنێ و بێتە چەک کرن برە وشەن بیری یا هەڤچەرخ چونکە خزمەتا پرسا گەلێ مەدکەت بۆ ڕوون کرنا ناڤەروکا ڕاست ودروستێ ئاینێ ئیسلامێ یێ پیرۆز و گوتنا من لسەر ووشا مودەرس ئەز دبینم نە لجهێ خودا بێتە گوتن چونکە مەعهد دوو ساڵە وەک معهد معلمین المرکزی و نهو مامۆستایێن دەرچوییێن کۆلیژا شەریعێ مودەرسن لوان مەدارسا وگەر من بکارئینا دێ بێتە جهێ هندێ خەڵکەک دی ژی داخواز بکەن وەک مە گوتی دەرچوییێن معهد المعلمین المرکزی.. جا چونکە باوەڕنامە دبلومە پێیویستە لەقەبێ معلم بکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.ادریس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەسەلەیەکی ئاساییە بەنیسبەت خوێندن لە چ قۆناغێک بێت یان چ اختصاصێک بێت دەبێت بەپێی قانون ئەو قۆناغەی کە تەواو دەکات عنوانەکەی تحدید بکرێت ئێمە کۆلیژی شەریعەمان هەیە لەدهۆک دراساتی ئیسلامیمان هەیە لە کۆلیژی ئاداب لە جامعەی صلاح الدین لەوێ کە

مرحلەی کولیە تەواو دەکات بە پێی ئەو یاسایەی کە هەیە هی خوێندن بە مدرس دادەندرێ، جا لێرە مەسەلەی مدرس و معلم نابێ لەقانونێکدا لەجێگایەک معهد بە مدرس ناوببرێ ولەکولیە لەوێش تناقض هەبێت دەبێ هەموو تەنسیق لەنێوانیان هەبێت وئەو تناقضە نەمێنێ جا جێی خۆیەتی ئەوە لەشەئنی کەم ناکاتەوە کە ئەوەی تخرج دەکات معلمە یاخود مدرسە دەبێ بەپێی یاساکە بە معلم دابندرێ، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

سوپاس، فەرموو کاکەرەش.

بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

وەکو کاک د. ادریس فەرمووی لە قانونی خدمە ومیلاک هاتووە کە خەریجینی مدارسی دار المعلمین ودار المعلمات پێیان دەگوترێت معلم کە دەردەچن وهەر لەقانونی خدمە هاتووە بکالوریوس یعین بمدرس خەریجی معهد یعین بمعلم و زۆر لەجێی خۆیەتی معلم فی مدارس الاسلامیە، بۆ ئەوەی گونجاو بێت لە قانونی خدمە ومیلاک چونکە معقول نییە دبلوم لێرە ناوی بنێین مدرس دبلۆمەکی تر لە خەریجی دار المعلمین ناوی لێ بنێین معلم لە جێگایەکی تر تەعیینی بکەین بەرای من هیچ فەرق ناکات چونکە یەک قانونە قانونی خدمە میلاکات لازمە مراعاتی بکەین چونکە نافذیشە، یا مخالفەی قانونەکە نەکرێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

هیچ تێبینی تر هەیە، فەرموو کاک شێروان.

بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەوەی بەڕێز وەزیری ئەوقاف ئیشارەتی پێدا مدرس تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە بە نیسبەت مدارسی ئیسلامی ومدرس لە مدارسی ئیسلامی ئەوە نییە تەنها خەریجی تربیە بێت لە متوسطە دەرس بڵێتەوە پێی بڵێن مدرس یان پلەیەک بێت لە جامعە پێی بگوترێت مدرس لێرە هەروەکو بەڕێز وەزیری ئەوقاف ئیشارەتی پێدا مدرس تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە ئەوەی لە مدارسی ئیسلامی دەرسی وتووتەوە پێشترو ئێستاش هەر پێی گوتراوە مدرس ،یانی مەسەلەکە علاقەی بە مسائیلی خدمەوە نییە پەیوەندی بە قوتابخانە ئاینییەکانەوە هەیە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئینجا ببورن من روونکردنەوەیەکم هەیە، ئەم قانونە علاقەی بە خدمەوە هەیە وئەمە یاسایە لە مەکتەب چی پێ دەڵێن هیچ موشکلە نییە، بەڵام لەبەردەم یاسا ئەبێ بەپێی دەرجەی خۆی ناوی محددی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی راتب و وەزیفەی بەپێی ئەوە تحدید بکرێت، من وا تصور دەکەم ئەگەر وانەبێت خەلەلێک ئەکەوێتە ئیشەکانەوە سبەینێ داوای حقوقێک دەکات کە حقوقی

خۆی نییه لەدواییدا لەناوی معلم پیرۆزتر نییه بەخۆتان فەرمووتان معلم لەقورئاندا هاتووە مدرس لە قورئاندا نەهاتووە، شێخ محسن فەرموو.

**بەڕێز شێخ موحسین موستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە باسی ئەو بابەتەمان کرد لەبەر دوو شتە: یەکەم مامۆستاکانی ئێمە لە سەرانسەری کوردستان کە دەرسی حوجرەی فەقێ دەڵێنەوە کە ئەمە شتێکی کارپێکراوە (متبعه) کە گوتراوە مودەریسی قوتابخانە ئایینییەکان ئەوانەی قوتابخانەی ئەهلین و ئەوانەی قوتابخانەی رەسمین بەو شێوەیە ناویان هاتووە. لەلایەکی تردوە ئەگەر سەیر بکەین مودەریس بەوانە دەگوترێت کە وانە لە قوناغی ناوەندی و دواناوەندی بڵێنەوە وابزانم ئەوە لە یاسای پەروەردەش هەر وایە، ئەوانەش کە بەو شێوەیە دەرس دەڵێنەوە دەرس لە (معهد العالي لاعداد الخطباء والائمة) دەڵێنەوە دیارە ئاستێکی تایبەتمەندیان هەیە بۆیە دەتوانێت ئەو دەرسە بڵێتەوە لەبەرئەوە چاکتر وایە وشەی مدرس بمێنێتەوە بەڵام بۆ یاسای خزمەت ئەوەی کە جەنابتان باسی دەکەن لەسەر شێوەی پەیمانگای مامۆستایان بێت سەبارەت بە مووچەو خزمەتیان ئەوە هیچ لاریی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو تێبینییەی کە مامۆستا نیشانی دا بەراستی لێرەدا بۆ ئەوەی مودەریس بێت دەرچوانی کۆلیژی شەریعەو کۆلیژی ئاداب بەشی دیراساتی ئیسلامیمان هەیە ئەوان دەتوانن وەکو مودەریس لەو مەدارسانە دەرس بڵێنەوە لەو قۆناغانەی کە پێویست بە مودەریس دەکات.

دوو، بە نیسبەت ئەمان وەکو وتمان بڕوانامەکانیان بەراورد دەکرێت لەگەڵ پەیمانگادا باوەڕ ناکەم هیچ کاریگەرییەکی هەبێت بەراستی من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە بۆچی وشەی مودەریس بەکاربهێنین؟ کە ئەم قوتابخانانەش هەمووی لە کوردستانن کە بۆ منالی کوردە بۆچی وشە پیرۆزە کوردییەکە بەکارنەهێنین کە (مامۆستا)یە چ ئیشکالێک لەوە دروست دەبێت، ئەوان لەناو خۆیان وەکو باسیش کرا بڵێین (مدرس) زۆر ئاساییە بەڵام دامەزراندنەکەی دەبێت بە پلەی معلم بێت چونکە هاوتایە لەگەڵ هەڵگری هەمان بڕوانامە لە بواری جیا جیادا، سوپاس.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رێزم هەیە بۆ لیژنەی یاسا و ئەوقاف بەڵام وەکو دەڵێن موتەسطە یان اعدادیه پێیان دەگوترێت مودەریس ئەوە دەرچووی زانکۆن ئەوانەی بەکەلۆریۆسیان هەیە، ئەوە یەک. دوو، ئەگەر

دەرچووانی پەیمانگا ناونیشانیان کرا مودەریس ئەوا دەڵێن بۆچی بچینە زانکۆ دوای پۆلی شەشەم و چوار ساڵ بخوێنین؟ باشە بۆچی نەچینە (معهد اسلامي) و (معهد اعداد الائمة) و یەکسەر دەبینە مودەریس؟، ئەمە جیاوازی تێدا هەیە وابزانم وەکی تریش هیچ لارییەکی تێدا نییە کە موعەلیم وانە بڵێتەوە لە قوتابخانە ئیسلامییەکان، یانیش دەبێت تەنیسب بکرێت چونکە هیچ مامۆستایەکی قوناغی سەرەتایی مافی نییە لە ناوەندیی و ئامادەیی وانە بڵێتەوە تەنیا ئەگەر تەنسیب بکرێت ئینجا دەتوانێت، چونکە ناوەندی و ئامادەیی جیاوازە لەگەڵ سەرەتایی لە سەرەتایی دەڵێن (معلم) لەوانەی تریش پێیان دەگوترێت (مدرس)، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندیی بەوە هەیە کە لە کوێ دەرس دەڵێتەوە دەرچووانی ئاداب بەشی کوردی بەکەلۆریۆسیان هەبوو ماوەیەک ویستیان بیانبەنە قوتابخانەکانی سەرەتایی بۆئەوەی قوتابییان فێری کوردی بکەن لەوێ پێیان دەگوتن مامۆستای زانکۆیی (معلم جامعي) ئەمە وا دەردەخات کەوا مەرج نییە مودەریس دەبێت دەرچووی کۆلیژ بێت، چونکە ئەو پەیوەندیی بەو شوێنە هەیە کە دەچێت وانەی لێ دەڵێتەوە بەرای من ئەگەر دەرچووی ئەم پەیمانگایە بچێت وانە لە هەمان پەیمانگا بڵێتەوە پێی دەگوترێت (مدرس) ئەگەر بچێت وانە بە قۆناغی سەرەتایی دینی بڵێتەوە ئەوسا پێی دەگوترێت (معلم) یانی ئەمە پەیوەندیی بە جۆری وەزیفەکەی هەیە کە لە کوێ دەرس دەڵێتەوە وابزانم هیچ یاسایەک نییە بڵێت ناوی (مدرس) بۆ دەرچووی کۆلیژ بێت یان (معلم) ئەگەر دەرچووی کۆلیژ نەبێت، وابزانم شتی وا نییە بەو بەڵگەیەی ئەوانەی بەشی کوردی بەکەلۆریۆسن و پێیان دەگوتن (معلم جامعي) تاکو جیاوازیان بکەن لەگەڵ دەرچووانی پەیمانگا کە پێیان دەگوتن (معلم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر یەک دەرچووی کۆلیژی ئەندازە بێت پێی دەڵێن ئەندازیار، یاخود پزیشک، یاخود پارێزەر؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر. بەڵام ئەمانە پێیان دەگوترا (معلم جامعي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە هەر چینێک یان هەر فیئەتێک زۆر هەوڵ دەدات بۆ خۆی تاوەکو زۆر مەکاسب وەربگرن بۆ نموونە بەڕێزان مامۆستایانی ئایینی زۆر دەستکەوت بۆ چینی خۆیان وەدەست بێنن، بەڵام ئەمە

نابێت لەسەر یاساو نیزام بێت هەتا لە یاسای نیزامی مەدارسی سەر بە ئەوقاف بێت ئێمە سەیری بکەین دەڵێت دەبێت بەکەلۆریۆسی هەبێت یانی لە یاساو نیزامی قوتابخانەکانی ئیسلامی کە لە بەغدا دەرچووە لەکاتی خۆی ئێستاش لێرە بەکارە دەبێت بەکەلۆریۆسی هەبێت باشە لێرە ناوی پەیمانگاکە (معهد اعداد معلمين للأئمة والخطباء)ە دەبێت تەنیا بۆ مزگەوتەکانی وەزارەتی ئەوقاف بێت کە تەنیا نوێژ بکەن لە پێش خەڵک جگە لەمەش ئێمە مافێکی تریشیان پێ دەدەین کە قوتابخانە ئیسلامییەکان دەرس بڵێنەوە لەگەڵ ئەوەی ناوی پەیمانگاکەش (معهد الائمة والخطباء) ە بەڵام ئێمە مافێکی تریشی دەدینێ با ئەو مافە زۆر نەبێت کە دبلۆم وەردەگرێت دەبێتە معلم باشە ئەگەر دەرچوویەکی پەیمانگای ئەئمەو خطبامان کردە (مدرس) ئایا دەرچووانی کۆلیژی شەریعە لە زانکۆی دهۆک و وا خەریکە لە هەولێریش دەکرێتەوە یان بەشی دیراساتی ئیسلامی لە کۆلیژی ئاداب کە ئەوان بڕوانامەی بەکەلۆریۆس وەردەگرن بە چ ناونیشانێک دایاندەمەزرێنن ئەمە پەیوەستە بە میلاک شتێکی پیشەیی سرفە نابێت ئێمە لە یاسای خزمەت دەربچین و هەروەها لە نیزامە مالیەکان دەربچین دەرچووی پەیمانگا دەبێت بڕوانامەی دبلۆمی پێ بدرێت نابێت بە هیچ شێوەیەک ناوی (مدرس)ی پێ بدرێت چونکە مافی ئەو (معلم)ە هەتا (معلم)یەکەش ئەوە مافێکی زیادە ئێمە پێمان داون، چونکە مافەکەیان تەنیا دەبێت ئیمام و خەتیب بن نابێت هەتا دەرسیش بڵێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافێکی تریان پێ دراوە کە ئەویش (معلم)ە چونکە بڕوانامەی دبلۆمی پێ دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەفیقە خان فەرمو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای هەموومان ئاشکرایە کە ساڵی خوێندن بەپێی ئەو قۆناغانەیە کە بۆی دیاری کراوە ئەوەی کە پەیمانگا تەواو دەکات ئەگەر دبلۆم فەنی وەربگرن ئەوانە دەبنە (م. ملاحظ فني)، بەڵام (معهد اعداد المعلمين) کە دوو ساڵە لە دوای شەشی ئامادەییەوە ئەمانە هەموویان بە مامۆستا دادەمەزرێن لە هەموو شوێنێکا لەگەڵ ڕێزمدا بۆ بەڕێز مامۆستا شێخ موحسین دەڵێت با ناونیشانەکەی (مدرس) بێت بەڵام مووچەو خزمەتی وەکو (معلم) بۆ خەرج بکرێت، چۆن شتی وا دەبێت؟، کە گوترا (مدرس) واتە هەموو یاساکانی خزمەتی بەسەر جێبەجێ دەبێت لەڕووی دەرماڵەو حساب کردنی خزمەت و پلەی دامەزراندنی، لەبەرئەوە داوا لە بەڕێزان دەکەین کە مافی خۆی بدرێتی بکرێت بە (معلم) نەک (مدرس)، ئەگەر بەکەلۆریۆسی وەرگرت با (مدرس) بێت، وەکو هەمانە کە پەیمانگای تەواو کرد دبلۆمی دەدرێتێ بەڵام دوای بەکەلۆریۆس کە ساڵێکی تر دەخوێنێت دەڵێن (دبلوم عالي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فوزیەخان فەرمو.

**بەڕێز فـــوزیـە عـــیــــزەدین ڕەشـــیــــد:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من تەنها وەڵامێکم هەیە بۆ کاک ئیبراهیم سەعید کە دەڵێت دەرچووی بەشی کوردی لە کۆلیژی ئاداب کاتی خۆی بە (معلم جامعی) دادەمەزران راستە کاتی خۆی بۆ کەم کردنەوەی زمانی کوردی دەرچووانی زمانی کوردی ئەو ناوەیان دانێ هەرچەندە ئەوە کەمکردنەوەش نەبوو هەر منالی کورد فێر دەکرا، بەڵام تەنها مەبەستی رژێم لەوەدا بوو.

سەبارەت بە مامۆستایانی ئایینی ئێمە ڕێزمان هەیە بۆیان، چونکە ئەوان سەرەتا منالی کوردیان لە حوجرە فێری خوێندەواری کردووە ئێمە لێرە دەوڵەتی یاساین دەبێت بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ بڕوانامەکان بکرێت وشەی (مدرس و معلم) تەنیا بە عەرەبییەکە وایە بەڵام بەکوردی هەر دەگوترێت (مامۆستایانی ئایینی) کە لە یەکێک دەپرسی وەزیفەکەت چییە دەڵێت مامۆستام دەبێ لێی بپرسین مامۆستای سەرەتاییت یاخود دواناوەندی کەواتە مامۆستاکە هەر دەمێنێتەوە هیچ جیاوازی نییە من لەگەڵ وشەی (معلم) دام چونکە ئێمە لە سەرەتای بونیادنانی یاساین دەبێت یاساکان بە دروستی و ڕێکوپێکی دەربچێت، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس فوزیە خان دەتوانن دوایی وەڵامان بدەنەوە ئێستا ناومان نووسیوە، ئەگەر ئەمانە تەواو بوون و گفتوگۆ تەواو نەبوو ئەو کاتە ناونووسین تازە دەکەینەوە ئەو کاتە دەتوانن دەستتان بەرز بکەنەوە.

بەڕێز مەلا مەحمود دێرەشەوی فەرمو.

**بـەڕێز مـــــەلا مـــــەحـــــمـــــود دێـرشـــــەوی:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەمە شتێک دێنێتەوە بیرم لە ڕێککەوتنامەی (١١)ی ئادار گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا کە ناوی پێشمەرگە بکرێتە (حرس حدود) یان هەر (پێشمەرگە) بێت، بەڵام حکومەت ناوی پێشمەرگەی قەبوڵ نەکرد، گوتی دەبێت (حرس حدود) بێت، جەنابی ڕەحمەتی مەلا موستەفا گوتی جارێ بۆ ئێمە دامەزرێنن هەر چ ناوێکی دەدنێ بیدەنێ. هیوامان وایە جەنابی وەزیری ئەوقاف و لیژنەی یاسا زۆر سوپاسیان دەکەین یاساکە دەربکەن جا بگوترێت (معلم) یان (مدرس) گرنگ ئەوەیە بڕیارەکە دەربچێت، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا دێرشەوی، بەڕێز د. سەلیم فەرمو.

**بەڕێز د. ســـــەلیم حـــــاجی مـــــەلۆ:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وابزانم هەر وەزیفەیەک ئیختساساتی خۆی هەیە، بۆ نموونە دەرچووانی کۆلیژی پزیشکی بە کەلۆریۆسی هەیە بەڵام پێیان دەگوترێت دکتۆر هەتا لە نووسراوی ڕەسمی دەنووسرێت فلان دکتۆر

دامەزراوە لە فلان نەخۆشخانە وابزانم لێرە وشەی (مدرس) بۆئەوە نەهاتووە کە دەرماڵەی مودەریس وەربگرێت یان بەکەلۆریۆسی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ڕەجەب فەرمو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر قسەی بەڕێز ئیبراهیم سەعید هەیە، چونکە کاتی خۆی حکومەتی عێراقی خوێندنی کوردی قەدەغە کرد تەنیا لە چەند شوێنێک نەبێت وەکو کەمکردنەوەیەک بۆ زمانی کوردی وەکو خوشکە فوزیە گوتی دەرچووی کۆلیژ بوون لەبەرئەوەی لە ناوەندنی دەرسیان نەدەگوتەوە پێیان دەگوترا (معلم جامعی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاکەڕەش فەرمو.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فوزیەخان روونی کردەوە بەڵام ئەمانە بە (معلم جامعی) دامەزران بە بڕیاری (مجلس قیادة الثورة) دوای دە ساڵ تێکۆشانیان لەقەبەکانیان گەڕاندنەوە بۆ (مدرس)، چونکە لە یاسای خزمەت دەرچوو بوو بە بڕیاری (مجلس قیادة الثورة) ئەمە کرابوو بۆ ئەوەی هەر وەکو خوشکە فوزیە گوتی کەمکردنەوە بوو لە ئاستی بڕوانامەی کوردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە زۆر روونە، سوپاس. بەڕێز مەلا تاهیر فەرمو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە ئەو ماددە ماف نادات بە دەرچووانی پەیمانگای (خطباء والائمة) دەرس بڵێنەوە لە هەمان پەیمانگا تەنیا مافیان پێ دەدات لە ناوەندی و دواناوەندییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف دەرس بڵێنەوە جا ئەگەر بڕوانامەکەیان دبلۆم بێت مووچەکەیان بە یاسای خزمەت دیاری دەکرێت ئەگەر لە کۆتاییدا گوتی (إسوة بخريجي معهد اعداد المعلمين) عینوانەکە با مدرس بێت هەرچەند من (معلم) یان (مدرس) هیچ جیاوازی لە نێوانیان نابینم من (معلم)م لە (مدرس) پێ پیرۆزترە، بەڵام ئەگەر بگوترێت (إسوة بخريجي معهد اعداد المعلمين) پاشان لەسەر مافەکان هیچ کێشەیەک دروست نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک جەلال خۆشناو فەرمو.

**بەڕێز جەلال سەلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕوونکردنەوەکەی منیش هەر سەبارەت بەدەرچووانی بەشی کورد بوو کە بە (معلم جامعي) دامەزرا بوون بەس دەمەوێ تەئکید بکەمەوە کە ئەوان نەیانتوانی بە یاسای خزمەت و میلاک دایانبمەزرێنن هەرچەندە بۆ کەمکردنەوەی زمانی کوردی بوو بە بڕیاری (مجلس قيادة الثورة) دایانمەزراندن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک حەمید میران فەرمو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەو شوێنەدا خەریکی دەرکردنی یاسایەکین بەرای من یاسا دەبێت هەر بە پێوانەی خۆی بگوترێت و نابێت بۆ هەرچ شوێنێک ویستمان رایکێشین ناوەکان بگۆڕدرێن بەناوێکی تر ئێستا دەرچووانی پەیمانگای تەکنیکی پێیان دەگوترێت (ذوي المهن الهندسية) پێیان ناگوترێت (مهندس) دەرچووانی پەیمانگای پزیشکی پیان دەگوترێت (معاون طبيب)، لەبەرئەوە بەرای من یاسا هەر یاسایە مادام ئەوان بڕوانامەیان دبلۆمە دەبێت (معلم) بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ موحسین فەرمو.

**بەڕێز شێخ موحسین موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە قوتابخانەکان بە کوردی پێیان دەڵێین (مامۆستا)، لەمەودواش بە عەرەبی بەکاری ناهێنین لەبەرئەوە هیچ لاریمان نییە بەو شێوەیە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە کۆکن لەسەرئەوەی سیغەکە (معلم) بێت نەک (مدرس). شتێکی تریش هەیە وشەی (اعداد)ی بخرێتە سەری تکایە دوا سیغەی ماددەی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەک بە سیغەی تازە دەخوێنمەوە: يمنح خريج معهد اعداد الأئمة والخطباء التابع لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية لاقليم كوردستان العراق شهادة دبلوم في العلوم الاسلامية ويعين بوظيفة امام وخطيب او معلم في المدارس الاسلامية التابعة لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية ويحدد راتبه وفق قانون الخدمة النافذ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەک بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس .. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ ماددەی یەک وەرگیرا.

فەرمون ماددەی دوو بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية: يحدد بنظام كيفية انشاء المعهد وسير الدراسة فيه.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو ماددەیە لابچێت لەبەر دوو هۆ: هۆی یەکەم ئەو پەیمانگایانە هەر هەنە (قائم)ن، دوو وەزارەت مافی هەیە کە نیزام دەربکات دوای ئەوەی کە ئەنجوومەنی وەزیران پەسندی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئەوقاف فەرمون.

**بەڕێز مەلا موحسین موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لیژنەی ئەوقاف پشتگیری لە لیژنەی یاسا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین کاتی خۆی کە ئاراستەی بەڕێزتانمان کردووە لە ٥/٩دا ئێمەش پشتگیری ئەو خاڵەمان کردووە کە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەت چونکە ئەمە ئیشی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە مانەوەی ئەم ماددەیە چ زەرەرێکی هەیە؟. ئەمە پرۆژەی حکومەتە پێشکەشیان کردووە ئەوان دەیانەوێ کە ئەوان نیزامی بۆ دادەنێن تۆ دەیکەیت بە یاسا حکومەت نیزامی بۆ دادەنێت چ خراپیەکی تێدایە؟. ئەمە تەئکید دەکاتەوە لەسەر شتێکی باش. کاکەرەش فەرمو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەبوونی یەک شت دەبەستێتەوە کە ئەگەر بڵێین هەبێ دەبێ بڵێین بۆ دەرچووانی پێشتر بە (اثرێکی رجعی) بڵێین ئەوانەی کە هەیە نییە، چونکە مانای ئەوەیە ئێمە ئێستا دان بەوە دادەنێین کە ئەو پەیمانگایە هەر نییە ئەگەر بڵێین (یۆسس) بەڵام پەیمانگاکە هەیەو خەڵکێک لێی دەرچوونە ئەگەر ئەو دەقەی تێدا بێت دەبێت دەقێکی تر هەبێت بڵێت ئەوانەی تر دەگرێتەوە

که لێی دەرچوونە، ئەگەر ئەوەش نەبێت ئەوا ماددەکە قائمە ئەوان بڕوانامەکەیان موعادیلە بە دبلۆم و دواییش دروست کردن و هیکل و مەناهیج چۆن دایدەنێن ئەوە بە نیزامێک ئەنجوومەنی وەزیران دەتوانێت دایبنێت و بە خۆی دەسەلاتی دەرچوواندنی نیزامی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی جەنابت دەیڵێیت لە ماددە چواردا چارەسەر کراوە.

ینفذ هذا القانون من تاريخ نشره وتسري احكامه على المعاهد القائمة حالياً في الاقليم.

کەواتە زەرەری نییە.

ماددەی دوو دەخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەگەڵ ئەوەدان ماددەی (٢) وەکو ئەوە بمێنێتەوە کە حکومەتی هەرێم پێشکەشی کردووە (يحدد بنظام كيفية انشاء المعهد وسير الدراسة فيه) تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی ئەوە پەسند ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. ماددە دوو بەو شێوەیە مایەوە کە لە پرۆژەی حکومەتدا پێشکەش کراوە.

فەرمون ماددە (٣) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ماددە (٣)؟. دیارە نییە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە (٣) پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەریزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

ماددەی چوار فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الرابعة: ينفذ القانون من تاريخ صدوره وتسري احكامه على المعاهد القائمة حالياً في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تەنیا رامان وایە بکرێت بە (من تاريخ نشره) لە جیاتی صدورە. تەنیا ئەو تێبینییەمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆئەوەی ناویان بنووسرێت. کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا تێبینییەکی بچووکم هەیە بکرێتە (ینفذ هذا القانون)، چونکە لە ماددەکە نووسراوە (ینفذ القانون) کام یاسا؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکەڕەش فەرمو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتەکە تەنیا زنجیرەیە دەبێت ئەو ماددەیە بێتە پێشتر واتە پێش (علی مجلس الوزراء تنفیذ هذا القانون) مەفروزە بێتە پێشتر بلێین (ینفذ)، چونکە ئەگەر بلێین تسری احکامه دوای ئەوە بلێین ینشر في الجريدة الرسمية، چونکە گونجاو نییە بلێین (علی مجلس الوزراء،) دوای ئەوە بلێین تسري احکامە، دەبێت یەکەم جار بلێین یسری هذا القانون علی ئەوانەی پێشتر دوای ئەوە بلێین، (علی مجلس الوزراء تنفیذ هذا القانون) دوای ئەوە (ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ نشره في الجريدة الرسمية)، مەسەلەکە تەنیا پاش و پێشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە چارەسەری دەرچووانی پەیمانگا هی سالانی پێشوو ناکات من وا تێدەگەم کە ئەو دەرچووانە دەگرێتەوە کە دوای ئەم یاسایە دەردەچن، باشە ئەوانەی پێشووتر دەرچوون ئەثر رەجعی هەیە یاخود نا؟، داوا دەکەم ڕوونکردنەوەیەک بکرێت بۆ ئەم بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز سەعید یەعقوبی فەرمو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە بەم شێوەیە دەبێت (ینفذ القانون من تاریخ نشره في جريدة وقائع كوردستان ويسري احكاه على المعاهد القائمة في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا ڕادەگەیەنرێت، بەرای من بگوترێت (وينشر في وقائع كوردستان) ئەمە لە بیر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تکایە راتان چییە؟.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەرای من سەبارەت بە مادده چوار پاش و پێش کردنی هیچ جیاوازییەکی ناکات، چونکە (تنفیذ) و (یسري احکامە) هەردووکیان بەیەکەوە بەستراون. سەبارەت ئەوەی کاک سەعید ئامازەی بۆ کرد ئێمە لاریمان نییە لێرە (وقائع کوردستان) زیاد بکەین، لەبەرئەوە سیغەی کۆتایی بەو شێوەیە دەبێت:

ینفذ هذا القانون إعتباراً من تاریخ نشره في وقائع کوردستان ویسري احکامه علی المعاهد القائمة حالیاً في الاقلیم.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی ئەوقاف تکایە هیچ تێبینییتان هەیە؟.

**بەڕێز مـــــەلا مـــــوحـــــسین مـــــوفـــــتی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەنها پێشنیار دەکەین وشەی (خریجی) زیاد بکرێت لەسەر (المعاهد القائمة في الإقلیم) بۆئەوەی پێشنیارەکەی وەزیری ئەوقافیش بێتەدی نەوەک ئیلتباسێک روو بدات بۆئەوەی بڕوانامەکانی ئەوانەی لەم ساڵانەی دواییدا دەرچوون نەیانگرێتەوە لەبەرئەوە داوا دەکەین وشەی (خـریجي) زیاد بکرێت، بۆئەوەی هەموویان بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەرای من وشەی (معـاهد) شاملترە چونکی هەردووکیان دەگرێتەوە معاهد و خریجەکەش دەگرێتەوە، چونکە خریجەکە لە ماددەی یەکەمدا باس کراوە بەس معاهد شاملی مامۆستایە تەنیا خەریج نییە زیاتر سیفەتی معهد بە خەریج و تەلەبەو مامۆستا هەمووی دەگرێتەوە، بەس ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە کە ئەوانەی لە پێشان دەرچوون ماددەی یەکەم چارەسەری ئەوەی کردووە بە گشتی هاتووە ناڵێت ئەوانەی تازە تەخەروج دەکەن ئەوەی کە خەریج بووە ئەو مافەی پێ دەدرێت.
لیژنەی یاسا هیچ تێبینی ترتان هەیە؟. ئەگەر تێبینی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟.تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار بەو شێوەیە پەسند دەکەن کە خوێنرایەوە دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا زۆر سوپاس.
فەرمون (اسباب الموجبة) بخوێننەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

الاسباب الموجبة:

من اجل اعداد ائمة وخطباء مؤهلین ومدرسین أکفاء في اقلیم کوردستان العراق لذا فقد شرع هذا القانون.

لێرە (مدرسین) دەبێتە (معلمین).

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێستا هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە یاسای (معهد اعداد الأئمة والخطباء لوزارة الاوقاف والشؤون الاسلامية في إقليم كوردستان) پەسەند دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی بەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ هەموو یاساکە وەرگیرا، سوپاس.

بەڕێز وەزیری ئەوقاف فەرمو.

**بەڕێز عەدنان نەقشبەندی/ وەزیری ئەوقاف:**

بسم الله الرحمن الرحيم

(قل فأعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون)

صدق الله العظيم

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، لەم جێگایە پیرۆزەدا لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان لە ژێر ئاڵای ئەم دەزگا شەرعییەی کە جێگای متمانەو ئومێدی گەلی کوردستانە خۆشحاڵم کە بەناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بەناوی هەموو مامۆستایانی ئاینی بەڕێز و سەرجەم قوتابیانی قوتابخانە ئیسلامییەکان و سەرجەم فەقێیانی کوردستان سوپاسی بێ پایانم ئاراستەی جەنابتان و دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن و هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان بکەم بەبۆنەی بڕیاردانتان لەسەر یاسای پەیمانگای پێش نوێژ و وتارخوێنەکان لە کوردستان بەراستی بەم کارە پیرۆزە خزمەتێکی ترتان خستە سەر مێژووی زێڕینی پەرلەمانی کوردستان و بوارتان دا بە وەزارەتی ئەوقاف خەڵکانێکی شایستەو ئایین پەروەرو نیشتمان پەروەر پێبگەیەنێت بۆئەوەی بتوانن خزمەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەن، چونکە مرۆڤی ئایین پەروەر دەبێت نیشتمان پەروەریش بێت،دووبارە سوپاس بۆ بەڕێزتان و هەموو خوشک و برایانی بەڕێزم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەر شەکاوە بێت ئاڵای بەرزی پەرلەمانی کوردستان بۆ خزمەتی گەلەکەمان بژی کورد، بژی کوردستان، ئێوەش هەر خۆش و سەرکەوتوو بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەکەین هیواداربن لە ڕێگای پەسند کردنی ئەو یاسایەوە پەیمانگای ئیمام و وتار خوێنە ئایینییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف پەرە بسێنن و پێش بکەون و سەرکەوتوو بن لە کاروبارەکانیانداو ئەم یاسایە کاروباریان بۆ ئاسان بکات.

ئێستا دەچینە سەر خاڵی چوارەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ئەویش خستنەروو وگفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای ترازاندنی پەیوەندی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی «الدفاع المدني» لە وەزارەتی ناوخۆ و، پەیوەست کردنی بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئەندامێک لە لیژنەی خزمەتگوزارییەکان و ئەندامێک لە لیژنەی ناوخۆ بفەرموون بێنە ئێرە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٣
مێژووی بڕیار: ٣٠/١٠/٢٠٠٠

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٣)ی رۆژی (٣٠/١٠/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی سالّی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەلاّتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی سالّی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە (٨)ی سالّی ٢٠٠٠**

**یاسای پەیمانگەی ئامادەکردنی پێشنوێژو خوتبەخوێنانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی هەرێمی کوردستانی عێراق**

ماددەی یەکەم:
دەرچووی پەیمانگەی ئامادەکردنی پێشنوێژو خوتبەخوێنان، کە سەربەوەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیی هەرێمی کوردستانی عێراقە، بڕوانامەی دیپلۆمی لەزانستە ئیسلامییەکاندا پێ دەدرێ و بە(فرمانبەری) پێشنوێژ وخوتبەخوێن یان بەمامۆستا لە قوتابخانە ئیسلامییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامیدا دادەمەزرێ و، مووچەکەشی بەپێی یاسای کارپێکراوی کارگوزاری(الخدمە) دەستنیشان دەکرێ.

ماددەی دووەم:
چۆنێتی و ڕەوشی خوێندن لەدامەزراندنی پەیمانگەکەدا بەپێڕۆ دیاری دەکرێ.

ماددەی سێیەم:
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە بخاتەکار.

ماددەی چوارەم:
ئەم یاسایە لەرۆژی بلاّوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستاندا دەخرێتەکارو، حوکمەکانی ئەو پەیمانگەیانەش دەگرێتەوە کە ئێستا لە هەرێمدا هەن.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

«هۆکارە پێویستەکان»
ئەم یاسایە بۆ ئەوە یاساکاری کراوە کە پێشنوێژو خوتبەخوێنانی لەبارو مامۆستایانی لێهاتوو لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئامادەبکرێن.